**بەخۆشی ئەو سایتە جوانەی کە بەرێز ئاسۆ دیلان بۆ هونەرمەندی خوالێخۆشبوو ئیبرایم خەیات کردویەتی، بۆیە منیش هەندێ لە نۆتەو ئەنالیزکردنی پەیژەمۆسیقای چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری خوالێخۆشبووم کە لە لێکۆڵینەوەکەی خۆمدا ئەنجامم داوە. کردە دیاری ماڵپەرەکە، بەهیوای کەڵک لێوەرگرتن.**

**لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی:**

**١– ئاگربارانە**

**نموونەی تێکستەکەی:**

**ئەوا تۆدەڕۆی من جێگەم کوێ بـــــــــێ٢**
**کێ بگرم بەیار شێوەی لەتۆبـــــــــــێ**
**ئای خودا لەم ئاگر بارانە بارانـــــە**
**یار بەبێ تۆ ماڵم وێرانە ویرانە چاوجوانە**

**نۆتەکەی:**

# Agr barane



سکێڵەکەی:

پلە دەنگییەکانی بریتیین لە (( می . فا کاردێز . سۆڵ . لا . سی سروشتی )) ، بە پێی چێژی ئاوازەکە چوارینەی یەکەمی بریتییە لە ((می . فا کاردێز . سۆڵ . لا )) کە پڕاو پڕی چوارینەی یەکەمی پەیژە درووست کراوی سەرپلە دەنگی شەشەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (( ڕاست ی سەرپلە دەنگی سۆڵ )) ە و لە سەرپلە دەنگی می پەیژەی بەیاتی درووست کردووە و لە بەر ئەوەی پلە دەنگی چوارینەی دووەمی چارەکە پلەیەک بڵند کراوە و چوارینەی دووەمی تەنها ئەم پلەدەنگییەی بەر ئەکەوێ بۆیە نازناوی بەیاتی نەوا وە ئەگرێ ، بەڵام گەر پلەدەنگییەکانی تری چوارینەی دووەمی دەستنیشان بکرایە هەڵبەتە لەوە ئەچوو نازناوێکی تر بەخۆیەوە ببینێ (( بەوردی باسکراون )) .

نموونەی سکێڵەکەی :






**٢– ئاخ لەیل و داخ لەیل**

**نموونەی تێکستەکەی:**

**ئاخ لەیل و داخ لەیـــــــــــــل**
**ئەریّ لەیلی باوانـــــــــــــــــم**
**یاخوابەخێر بێی سەر چاوەکانم**

**نۆتەکەی:**

## Ax leyl




**سکێڵەکەی:**

**پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ . سۆڵ . لا . سی، دۆ، ڕێ)) . بە پێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( پلەدەنگی . سۆڵ . لا . سی – دۆ، )) ، بەپێی میانەکانی چوارینەی یەکەمی ئەم ئاوازە، پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماژۆر )) ە، کە پەیژەی ( سۆڵ ماژۆر – عەجەم) ی پێ ئەڵێین .**

**نموونەی سکێڵەکەی :**




**ڕیتمەکەی:**



**تێبینی:**

**ئەمجۆرە ووتنە تایبەتە بە خوالێخۆشبو یبراهیم خەیات، لە هەندێ شوێن وناوچەی تر بەتایبەتی ناوچەی خانەقیین و دەوروبەری یان سەرانسەری ناوچەی لوڕستان بە شێوەیەکی تر ئەیچڕن کە تۆزیک جیاوازی لە گەڵ ئەم جۆرە چڕینەدا هەیە.**

### ٣– ئەرێ بەبانانەوە

**نموونەی تێکستەکەی:**

ئەرێ بەبانانەوە گیانە بەبانانـــــــەوە٢
ئەرێ بەرتیلیان ئەدا وەڵڵا ئەپاڕانەوە
ئەرێ شەمامەو خاڵ خاڵ شەمام شلکی
ناردومە لەو ماڵ ساردەو فێنکـــــــــی

**نۆتەکەی:**

## Bebananewe




**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگییەکانی بریتیین لە (( ڕێ .می، فا، سۆڵ . لا . سی، دۆ، ڕێ بە جوانکاری)) . هەرچەندە دەستپێک وکۆتایی ئاوازەکە بە پلەی بنکەی پەیژەکە نییە، بەڵام بە پێی چێژی ئاوازەکە ، چوارینەی یەکەمی بریتییە لە (( پلەدەنگی . سۆڵ . لا . سی – دۆ، )) ، بەپێی میانەکانی چوارینەی یەکەمی ئەم ئاوازە، پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی گەورەی یەکەمی ڕۆژهەڵاتی (( عەجەم – ماژۆر )) ە، کە پەیژەی ( سۆڵ ماژۆر – عەجەم) ی پێ ئەڵێین .

نموونەی سکێڵەکەی :




ڕیتمەکەی





### ٤- بەخەیاڵی ئەو

**نموونەی تێکستەکەی:**

خۆ من بە بێ تۆ وەک مردوو مـــــــــردووم٢
هەر وام لە خەیاڵ ساڵــی ڕابــــــــوردووم٢
بە خەیاڵی ئەو بە چاوانی ئەو واڕەنگم سوورە
دڵم پێی شادە هەرچەند لێـــــــم دوورە

**نۆتەکەی:**

# Be xeyali eu



**سکێڵەکەی:**

پلەدەنگیەکانی بریتیین لە (فاکاردێز، سۆڵ، لا، سیکاربیمۆڵ، دۆ) چوارینەی یەکەمی بریتییەلە (سۆڵ، لا، سیکاربیمۆڵ، دۆ)،کە پڕاوپڕی چوارینەی یەکەمی پەیژەی دووەمی گەورەی ڕۆژهەڵاتی (سۆڵ ڕاست)ە.

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**٥- کزەی جەرگانم**

**نموونەی تێکستەکەی:**

**کزەی جەرگانم ماڵی وێرانـــــم٢**
**جێگەم بۆڕاخات ئەمشەو میوانـم**
**ئەرێ ئای گەردوگەردو گەردانـــە**
**یارم شەمعەو ئەرێ خۆم پەروانە**
**شیلەی وادەی ئەرێ دەست لێدانە**

**نۆتەکەی:**

# Kzey cerganm



**سکێڵەکەی:**

پلە دەنگییەکانی بریتین لە ( سۆڵ . لاکاربیمۆڵ . سی بیمۆڵ . دۆ . ڕێ ) . چوارینەی یەکەمی چوارینەی بەیاتی سەرپلەی شەشەمی پەیژەی ( ڕاست ) . لە بەرئەوەی یەک چوارینەیە جۆری بەیاتەکەی ڕوون نییە .

**نموونەی سکێڵەکەی:**




**ڕیتمەکەی:**



**سەڵاح ڕەووف**
**هۆڵەندا**

http://www.freewebs.com/salahraouf/index.htm

